

# پلاکە هۆشمەندەکان بۆ ئامێرەکانی ماڵ

ئەو رەوتی خێرا گەشەکردن و پێشکەوتنەی ئامێرە دیجیتالی و ئەلکترۆنییەکان گرتوویانەتەبەر کارەبای ماڵیشی گرتۆتەوە. گلۆپی هۆشمەند و جەرەسی هۆشمەند و ئامێری تایبەت بە چاودێری کارەبای ماڵەوە بە شێوەی سمارت و ئێستاکەش پلاکی کارەبای هۆشمەند بەرهەم هاتووە. پلاکی جۆری Yoswit شوێنی پلاکەکانی دیکەی ماڵەوە دەگرنەوە، ئیدی پێویست ناکات بۆ هەڵکردن و کوژانەوەی هەر پلاکێك چ تەلەڤزیۆن چ سپیلیت چ گلۆپەکان هەستی دەست بە دوگمەی پلاك دابگری بەڵکو بەهۆی ئەو پلاکەوە دەتوانی لە رێگای مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی هەموو ئامێرەکانی ماڵەوە بکەی، ئاپێکی تایبەت بە پلاکەکانی ماڵەوە وشوێن و ئەرکیان لەسە مۆبایلەکەت دادەندرێ و هەر لە رێگای ئەوەوە کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان دەکەی، جگە لە هەڵکردن و کوژاندنەوە دەتوانی کاتی تایبەت بۆ ئامێرەکان دابنێی، بۆ نموونە کاتژمێر ١٢ گلۆپەکانی ماڵەوە بکوژێنەوە.




# سکۆتەری دیجیتاڵی سمارت

سکۆتەر وەك ئامێرێکی گواستنەوە و هاتووچۆ زۆر لەمێژ نییە بۆتە باو.. رەنگە رۆژێك شوێنی پایسکیل بگرێتەوە، سکۆتەر ماوەی دوو ساڵ دەبێت لە هەرێمی کوردستانیش وەك زۆربەی شوێنی جیهان بەرفرە بووە و پەرەی سەندووە..

لەم ماوەیەدا جۆرێکی نوێ لە سکۆتەر بەناوی (EcoReco) بەرهەم هاتووە کە هۆشمەندە، چونکە ئەپێکی تایبەتی کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ دەبێتە فەرمان و بەشێك لە ئەرکەکان رادەپەڕێنێ، بۆ نموونە کاتێك کە سکۆتەرەکە ون دەبێت، بەهۆی ئەو ئاپەوە دەتوانین بیدۆزینەوە. یان بەکارهێنەر بەتایبەت کە منداڵ بێت و بچێتە شوێنێکی ناخۆش و تووشی رووداوێك بێت هەستەوەرەکانی سکۆتەرەکە دەستبەجێ پەیام بۆسەرپەرشتیارانی منداڵەکە یان کەسێك کە ناوی لە سکۆتەرەکەدا تۆمار کراوە دەنێرێت.. قفڵی دیجیتای سکۆتەریش تایبەتمەندییەکی نوێیە.. سکۆتەرەکە رکابەرییەکی جیدی دەکات لە پایسکیل ئیدی نەوەی داهاتوو نەوەی سکۆتەرە!

# مۆبایل بکە بە تاقیگەی چاو




کاتێك چاوەکان بەرەو کزی دەچن و یان تووشی نەخۆشی دەبن، بەهۆی ناچارییەوە چاویلکە لە چاو دەکەین، سەر لە دکتۆری تایبەتی چاو دەدەین بۆ ئەوەی کە کێشەکەمان پێ بڵێ و ئەویش بەهۆی ئامێری تاقیگەوە بزانێت چاوەکانمان چاویلکەی ژمارە چەندیان دەوێت..

ئامێری دیجیتالی (EyeQUe) کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت ئەرکی تاقیگە ئەنجام دەدات، مینی سکۆپی ئای کیو لەسەر شاشە دادەنێی و لە رێگای ئەوەوە سەیری شاشە بکە. دوو هێڵی رەنگی لەسەر شاشە کە لێك نزیك دەبنەوە، لەکاتی لێکنزیکبوونەوە دەبێت دوگمەیەکی تایبەتی دابگرێ، بەمجۆرە پێت دەڵێت کە چاوەکانت پێویستیان بە چ ژمارەیەکە و هەروەها لەوکاتەدا دەتوانی ئۆنلاین چاویلکەکە بکڕی..



# پرۆژکتەرێک لە شوێنە رووناکەکانیش نیشان دەدات

کۆمپانیای ئێل جی لە پیشانگای ساڵانەی CES ٢٠١٧دا پرۆژکتەری (ProBeam)ی خستەڕوو، پرۆژکتەرەکە توانای ئەوەیە وێنەکان بە رووناکیی ٢٠٠٠ لۆمن لەسەر پەردە یا دیواری تایبەت نیشان بدات. ئەوە بەو مانایە دێت کە دەکرێت لە ژوورێکی رووناکیش وێنە نیشان بدات کە پرۆژکتەرەکانی دیکە ئەو توانایەیان نییە.

پرۆژکتەری ناوبراو کوالیتی نیشاندانی فیلمەکانی HDیە. تایبەتمەندییەکی گرنگی پرۆژکتەرەکە ئەوەیە وێنە و فیلمەکانی سەر شاشە بە راستەوخۆ لەسەر دیوار یان پەردە بڵاو دەکاتەوە. ئەو وێنانەی کە لە شاشە بچووکەکانی مۆبایلەکاندا بە باشی نابیندرێن بە ئاسانی بەهۆی ئەو پرۆژکتەرە دەکرێت نیشان بدرێن، جگە لەوەش دەکرێت دەنگی فیلمەکانیش بۆ سپیکەرە بلوتوسییەکان بگوازێتەوە.






# هێدفۆنێک بۆ وەرگرتنی فەرمان دەنگییەکان

مرۆڤ بە رادەیەك بەرەو ئاسوودەیی و لە راستیدا تەنبەڵی جەستەیی دەڕوات بەتەمایە واز لە ریمۆت کۆنترۆڵیش بێنێت و تەنیا بە دەنگ فەرمان بکات، زۆر ئامێری تایبەت بە وەرگرتنی فەرمانە دەنگییەکان لەم چەند ساڵەدا بەرهەم هاتوون. هێدفۆنی (Vinci)یش یەکێکە لەو هیدفۆنانە، هەربۆیە بە سمارترین هێدفۆن ناسراوە. هێدفۆنەکە شاشەیەکی لەمسی هەیە کە زانیاری جۆراوجۆر نیشان دەدات. سەرەکی ترین کاری ئەو ئامێرە وەرگرتنی فەرمانە دەنگییەکانە. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێ تەنیا بە دەنگی خۆی لە دوایین هەلومەرجی کەشوهەوا ئاگادار بێت. تەنانەت دەتوانێ داوای لێبکات لیستی کار و ئەرکی رۆژانە یان کڕینی کەلوپەلە پێویستییەکانی بیربهێنێتەوە.

دەتوانێ لە هێدفۆنی ناوبراو لە راهێنانی وەرزشیدا سوود وەربگرێ، خێرایی جوڵە و ریتمی دڵی بەکارهێنەر دەناسێ و ئاوازێکی تایبەت بەو ریتمە هەڵدەبژێرێ، میمۆرییەکەی ٣٢ گێگابایتە و بە سیستەمی وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی




پرۆگرامەکانی گۆڕینی فۆرماتی ڤیدیۆیی گەلێکن و هەرکام شێوازی کارەکەیان جیاوازە ئەگەرچی یەك ئەرك ئەنجام دەدەن.. لەو چەند ساڵەدا کە دیسکی جۆری Blu-ray ,DVD کەوتوونەتە بازاڕ، پرۆگرامی دیکە بۆ گۆڕینی فۆرماتی ئەو جۆرە دیسکانەش بەرهەم هاتوون. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Pavtube BDMangic ە، پرۆگرامێکی سیحری کە بە هۆی گرافیکی بەهێز و خێرایی باشیەوە دەتوانێت فۆرماتە ڤیدیۆییەکان بگۆڕێ.

خاڵی جێگای سەرنج لەو پرۆگرامەدا پشتیوانی کردن لە فیلمی سێ رەهەندی و توانای Rip کردن و دەرهێنانی فیلمەکانی ناو ئەو جۆرە دیسکانەیە.

پرۆگرامەکە جگە لە گۆڕینی فۆرماتەکان،

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک




**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نازانم نازانم هۆکاری چییە مۆبایلەکەم دەڵێت میمۆرییەکەی پڕ بووە، زۆربەی شتەکانیشم سڕیوەتەوە هەر ئەو پەیامە دەنووسێت، بە جۆرێك کە هیچی وای تێدا نەماوە بیسڕمەوە کەچی هەردەڵێت میمۆری پڕە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە سڕینەوەی پرۆگرام و فایلەکان گرنگ نییە، مۆبایلەکەت بە هۆی بوونی پرۆگرامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك، ئیسنتاگرام، ڤایبەر، تێلگرام و ئیمۆ... پڕ دەبێت.. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پرۆگرامەکان وا لەسەر مۆبایلەکەت دابنێی کە هیچ شتێك دانلۆد نەکەن، چونکە رۆژانە تەنیا ئەگەر دوو وێنە دابەزێتە سەر مۆبایلەکەت یان کورتە فیلمێك لە ماوەی مانگێکدا مۆبایلەکەت پڕ دەبێت... بۆیە بەرلە سڕینەوەی پرۆگرامەکان لە سەرەتادا داتای پرۆگرامەکان بسڕەوە.. مۆبایلەکەت باش دەبێتەوە...




# سپیکەرێک کاری وەرگێڕانیش بۆ سێ زمان دەکات

پاناسۆنیك مێژوویەکەی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیدا، لەم دواییەدا سپیکەر واتە (بڵندگۆ)یەکی بەرهەم هێناوە کە لە راستیدا وەك مۆبایلێکی سمارت دەچێت و لە یەك کاتدا بە سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری کلۆد زمانی ژاپۆنی بە سێ زمانی ئینگلیزی، کوریایی و چینی وەردەگێڕێ و بڵاودەکاتەوە.



بڵندگۆکە بەو مەبەستە بەرهەم هاتووە کە لە ستادیۆم واتە گۆڕەپانە وەرزشیەکانی ئۆلەمپیادی ٢٠٢٠ کە بڕیار وایە لە تۆکیۆی ژاپۆن بەڕێوە بچێ دابندرێن.

# فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

دەتوانێت دەستکاری فایلەکان، زێدەکردنی ئیفێکتی جۆراوجۆریش ئەنجام دەدات. بەشێك لە ئەرکەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- گۆڕینی فایلەکانی HD بە فۆرماتی سێ رەهەندی ٣D.
- گونجان لەگەڵ گشت جۆرە فۆرماتێکی ڤیدیۆیی.
- فیلمی دوو رەهەندی دەکاتە سێ رەهەندی.
- گونجان لەگەڵ گشت جۆرە مۆبایل و تەبلێت و کۆنسۆلی یاری کردن..
- گونجان لەگەڵ ڤێرژنەکانی ویندۆز بەتایبەتی ویندۆز١٠ و ئەمانە و هەندێك تایبەتمەندی دیکەش..




# سایتێک بۆ گواستنەوەی فایلە گەورەکان

گەر نیازت هەیە فایلێکی گەورە یان چەندین فایل پێکەوە بۆ کەسێك بنێری، ئیمێل یان جیمیل ناتوانن بە باشی ئەم ئەرکە راپەڕێنن، رەنگە لە رێگای خزمەتگوزارییە کلۆدەکانی وەك (درۆپ بۆکس، گوگل درایڤ، وان درایڤ...) ئەم کارە ئەنجام بدرێ، بەڵام ئاسانترین رێگا سوود وەرگرتنە لە سایتی https://takeafile.com/ لەم سایتەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانی فایلەکان بگوازییەوە.. کاتێك سایتەکە دەکەیەوە، کلیك لەسەر بۆکسی Drag and drop a file to startt بکە.. دوای ئەوە وەك چۆن فایلەکان دەخەیە سەر فلاش میمۆری ئاوا دەکرێت لەو بۆکسەیان بخە، دوای تەواو بوونی لینکێکت دەداتێ، کە لینکەکە بۆ هەر کەسێك بنێری دەتوانێ فایلەکان وەربگرێ...